# بایۆنیوز

٢

BioNews

گۆڤارێکی رۆشنبیری زانستی و پیشەیی یە
سەندیکای بایۆلۆجی کوردستان وەرزانە دەری دەکات
ژمارە (٢) سالی دووەم . حوزیران ـ ٢٠٠٧



## مردنی خانە

# کاریگەری تەکنەلۆجیای سەردەم لەسەر ژینگە



نووسینی: م. نەشمیل سعید
بەشی بایۆلۆجی/کۆلێژی زانست/ زانکۆی سەلاحەددین

ناکرێ گومان لەوە بکرێ کە ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆجیەی ژیانی مرۆڤایەتی بە خۆی وەبینیوە کارئاسانی زۆری کردووە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان وخەونەکانی هێناوەتە دی کە هەرگیز لە ڕابردوودا پەی بۆ نەدەبرد!..

ئامێر وئامرازگەلێکی بەرهەمی تەکنەلۆجیا .بێی دلفرازی وهەوراز کردنی ئیشەکانیەتی، بەلاّم لە هەمان کاتدا مایەی دلّ تەنگی ونشێو کردنی بەشێکی ترە لە کارەکانی، یان بە جۆرێکی تر ەکرێ بگوترێ تەکنەلۆجیا ماندووبوونە!

ئەوە ئەنجامەکانی تەکنەلۆجیایە کە زۆرێك لە پێکهاتەکانی ژینگەی پیس کردووە وبۆتە هۆی بلاّو بوونەوەی جۆرەها نەخۆشی ئەندامی ودەروونی وکۆمەلاّیەتی" تێکەلّ بوونی چەندین ماددەی تیشکهاوێژ وترسناك بە هەوا وئاو وخاکدا کە مرۆڤ خۆنەویستانە ودووبارە دەیخواتەوە وهەلّی دەمژێتەوە لە ڕێگەی خواردن وخواردنەوە وهەناسەدان. دیسان بەرهەمی تەکنەلۆجیایە بۆتە هۆی پەیدا بوونی ژاوەژاو ودەنگی ناساز کە لە ئامێرەکانەوە دەردەچێت وکاریگەری سلبی لەسەر تەندروستی هەیە" یاخود خێرا گۆڕانی بیر وهەست وشێوازی بیرکردنەوە وبەرەوپێش چوونی ژیانی کۆمەلاّیەتی وهاوچەرخ بوون بەتایبەتیش لە شاردا" لە لایەکی تریشەوە، زێدە بەکارهێنانی چارەسەری پزیشکی ودەرمان ودژەمیکرۆب وتیشك، زەرەری زۆریان بە لاشەی مرۆڤ گەیاندووە.. بۆیە ئەنجامی تۆژینەوەگەلێکی ئەم سەردەمە ئەمانەی لەسەرەوەدا باسکران بە هۆکاری ناشیاوی وزەرەر وزیانی زۆر بۆ ئادەمیزاد لە قەلەم دەدەن..

لەوانەیە ئەو پرسیارە بە نەندێشەی هەمووماناوە دابێت کە چۆن تەکنەلۆجیا مرۆڤ دووچاری نەخۆشی دەکات؟! وە یا نەخۆشیەکان چین کە دەرەنجامی تەکنەلۆجیان؟، هەلّبەتە زۆرێك لە وولاّتە پێشکەوتووەکان هەمیشە خۆ ئامادە باش دەکەن وجۆرەها چەك وتەقەمەنی دروست دەدەن وتاقی کردنەوە وچالاکی ناووکی ئەنجام دەدەن کە دەبێتە هۆی پیس بوونی ژینگە بە هۆی پە ش وبلاّوبوونەوەی ووردە تەنۆچکەکان لە کاتی تەقینەوە بە هەوادا وئەم تەنۆچکانەش لەسەر گەلاّی ڕووەکەکاندا دەنیشن ودووبارە مرۆڤ وئاژەلّ لە ڕێگەی ئاو وخۆراکەوە دەیانخۆن وهەلّیان دەمژن لەگەلّ هەوادا، بێ گومان دەرەنجامیش نەخۆشی جۆراوجۆرە وەکوو گۆڕانی ڕێژەی خڕۆکە سپیەکانی

خوێن وناشیاوی وکاریگەری سلبی لەسەر سپڵ وئێسك وبۆڕی هەناسە ولیمفە ڕژێنەکان وشلەژان لە کارکردنی کۆئەندامی هەرس ودەمار ودروست بوونی نەخۆشی پێست وناڕێکی لە بینین جگە لە پەیدا بوونی چەندین جۆری شێرپەنجە، خۆ ئەگەر کاریش بکاتە سەر خانە سێکسیەکان ئەوا بۆهێڵی هەندێ نەخۆشی بۆ نەوەکانی داهاتوو دەگوازرێتەوە وبەمەش کۆملگایەکی نا تەندروست وەبەرهەم دێت" لێرەدا کارەساتی هەڵەبجە نموونەیەکی زیندووە وبۆ ئەم مەبەستە دەبێتە بەڵگە.

لە لایەکی دیکەوە، مرۆڤ ڕۆژانە جۆرەها تیشکی بەردەکەوێ لە مانەش بواری لەرەلەرە تیشکە ڕادیۆییەکان کە بەشێکن لە شەبەنگی بارگاوی نەبووی کارۆموگناتیسی وئەم تیشکانەش مەودای جۆراوجۆری هەیە بەلاّم مەودای نێوان ۳۰۰ میگاهێرتز بۆ ۳۰۰ گیگا هێرتز زیاترین مەودایە کە مرۆڤ ڕۆژانە بەری دەکەوێ لە ڕێگەی شەپۆلی ڕادیۆی FM و AM وشەپۆلەکانی تەلەفزیۆن وڕادار ومۆبایلەکانەوە، هەڵبەتە ئەم شەپۆلە ڕادیۆییانەش ناڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر نێوانە بەستەرەکانی ناو شانەکانی لەش. یەکێکی تر لە زیانەکانی تیشك کە پیس بوونی تیشکی بۆ ژینگە دروست دەکات ئەوەیە کە مرۆڤ دووچاری ناڕێکی بینین دەبێت وکۆئەندامی دەماری ماندوو وشەکەت دەبێت ئەویش بەهۆی زۆر سەیرکردنی تەلەفزیۆن وزێدە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر وئینتەرنێت، جگە لە مانەش ڕووناکی ڕێکلامەکانی سەر کوچە وشەقامەکان ولایتە هێزدارەکانی ئۆتۆمبێلەکان (لایتی لێزەر) وتیشکە ئامێرە پزیشکیەکان بە هۆکاری پیس . بوونی تیشکی ئەژمار دەکرێن.

یەکێکی تر لە دیاردەکانی پێشکەوتن پەیدا بوونی ژاوە ژاوە کە بۆتە هاوڵی هەموو شوێن وڕێگایەك وهۆی شێواندنی هێمنی وئارامیيە بەتایبەتیش لە شارەکاندا، ئەوە مرۆڤە ڕۆژانە زۆر بێزار دەبێت بەو هەموو دەنگ وزەنقانەی دەردەچێت لە فڕۆکە وپاس وئۆتۆمبێل وماتۆر وپرۆژەکانی بیناکردن ودەنگی ناسازی ئامێرە جۆراوجۆرەکان وزەنگە هەمەدەنگەکانی مۆبایل و... هتد، ئەو دەنگانەش کۆئەندامی بیستن خراپ دەکەن وگوێ ئازار دەدەن وهەندێ نەخۆشی دروست دەکەن وەکوو قورحە و بەرزبوونەوەی فشاری خوێن وخراپ بوونی کۆئەندامی دەمار وبەرگری لەش و زیاد بوونی ڕێژەی گۆشەگیری ئەگەر مرۆڤ بە بەردەوامی لە بیستنیان بە دوور نەبێ. لە لایەکی تریشەوە سازدانی ئاهەنگ وبۆنەکان بە تایبەتیش لە هۆڵە داخراوەکاندا کە سیستەمی هەڵمژین وکەم کردنەوەی دەنگیان بۆ دروست نەکراوە لەوێ دەنگی ئامێرە مۆسیقیەکان ومایکرۆفۆنەکان گوێی مرۆڤ ئازار دەدەن وزۆربەی ئەو گوێ بیستانە توانای بیستنیان لە دەست دەدەن لە دوای تەمەنی چل ساڵیدا. بۆ ئەم مەبەستانەش توێژینەوەیەك ئەنجام دراوە لەسەر ئەو کەسانەی کە بە بەردەوامی گوێ بیستی دەنگە بەرزەکان دەبن دەرکەوتووە کە لە ماوەی بیست وچوار مانگ ٤٠٪ی ئەو کەسانە توانای بیستنیان لەدەست داوە.

ئا لێرەدا ناکرێ مەبەستی کورتە باسەکەمان ئەوە بگەیەنێ کە دژی داهێنان وپێشکەوتنی زانستی وتەکنەلۆجیا بین، بەلکو ئێمە هاوڕێکین لەگەڵ تەندروستی گشتی وپاراستنی ژینگە ونێوەندەکانی ژیانێکی ئاسوودە، ئەمەش بەوە دەکرێ کە هەر تاکێك بەپێی بواری کارکردن وتایبەتمەندیەکەی سوود لە ئامرازە تەکنەلۆجیەکانی وەکوو کۆمپیوتەر وئینتەرنێت ومۆبایل وتەلەفزیۆن وسەتلایت و...هتد ببینێت، با تەنها بەکارهێنانیان بۆ چێژ وەرگرتن وکات بەسەربردن نەبێت، دەبا سوود وقازانجەکانی تەکنەلۆجیا هەڵێنجین بۆ وەبەرهەم هێنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو، بەرەو ڕۆژ ئاوا چوونی ئاواخن ولایەنی هزر وبیر وهۆش" نەك تەنها پێش کەوتنی ڕواڵەتی ودیوی دەرەوە!!